## کۆسۆڤۆ بووە (193) هەمین دەوڵەتی جیهان

# کۆسۆڤۆ بناسە




ئەو وڵاتەی تا دوێنێ وەکوو نەتەوە دەناسرا، ئەمڕۆ دەبێ وەکوو وڵات بیناسین. بابزانین دیرۆکی ئەم وڵاتە چەند لە دیرۆکی وڵاتی ئێمەی کورد نزیکە، چەند لەیەکچونیان هەیە؟ ئەزمونی ئەوان دەکرێ بۆ کوردستان سوودی هەبێ؟ ئێمە یان ئەوان، پتر ئازار و مەینەتمان بەدەست داگیرکەرانەوە بینیوە؟ وەڵامەکەی هەرچیەک بێت ئەمڕۆ ئەوان لە ئێمە دڵخۆشترن، ئەوان لە ئێمە چەن هەنگاوێک لە پێشترن.

هۆکارەکەی چیە؟ هەر یەکە و لە هەگبەی خۆیەوە کارەکان هەڵدەسەنگێنێ و هۆگەلێکیان بۆ دەبینێتەوە.

بەڵام، کۆسۆڤۆ کە سێربەکان پێی دەڵێن (کۆسۆڤا) و ئەلبانیەکانیش بە (قۆسۆوە)ی ناو دەبەن. ئەم وڵاتە وەکو هەڵکەوتنی دەکەوێتە کشوەری ئەوروپا و دراوسیەکانی بریتین لە: مەقدونیە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتیەوە ، سێربیا لە باکوری ڕۆژهەڵات، مۆنتێنێگرۆ لە باکوری رۆژئاوا و ئەڵبانیاش لە خوارویەوە.


Copyright © Kurdi.fi

پایتەختی ئەم تازە وڵاتە پرشتینایە، دانیشتوانی (2 300 000) کەسە و ڕووبەرەکەی (10 887) کم چوارگۆشەیە، ڕێژەی دانیشتوانی 90% موسڵمان پێک دەهێنن کە هەموویان بە ڕەگەز ئەلبانین، 5% سێربین و 5% نەتەوەکانی ترن.

خاکەکەی دەوری بە چیا ڕیزبەندە و لە ناوەڕاستی دەشتاییەکی سەوزوە، چوار ڕوباری بەناودا تێدەپەڕێ، لەگەل 17 دەریاچە. سەرەڕای ئەمەش باری ئابوری وداهاتی تاکی کۆمەل لە ئاستێکی نزم دایە. هیچ سنورێکی نەکەوتۆتە سەر دەریاوە بێکاری بە ڕێژەی 50% و لە هەژارترین هەرێمەکانی یوگۆسلاڤیایە، وێڕای ئەوەی خاکەکەی دەوڵەمەندە بە کانزاکانی، فۆسفات و زەنگ و مس، ئاسن، نیکل و خەڵووزی بەرد.

ئەم وڵاتە یەکێک بوە لەو وڵاتانەی ژێر حوکمی عوسمانیەکان بەدرێژایی پێنج سەدە، لەو کاتەی سوڵتان مرادی یەکەم لە 1389 داگیری کرد تا ڕوخانی دەسەڵاتی عوسمانیەکان لە شەڕی جیهانی یەکەم، دواتر بە سێربەکان درا لەگەل چەند پارچەیەکی تری وڵاتی ئەلبانیا بۆئەوەی ڕێگە لە دروست بونی دەولەتی ئیسلامی بگیرێت. دوای بەستنی چەندین کۆنگرە وەکو هەوڵ و تەقەلایەک بۆ ڕزگاربونیان، لەوانە: کۆنگرەی سانستیڤانۆ، بێرلین، لەندەن و پاریس، بەڵام دواتر هەر درا بە سێربیا و کرا بە بەشێک لەم وڵاتە. لە شەڕی جیهانی دووهەم سەر بە ئەلبانیا بوو، کە ئەویش سەر بە ئیتالیاوە بوو.

دوای شەری جیهانی دووهەم لە ساڵی 1946 بەتەواوەتی خرایە سەر یوگۆسلاڤیای یەکگرتوو، لە سەردەمی (ژۆزێف برۆز تیتۆ) تا ئاخری ساڵەکانی حەفتاکان دان بە مافی ئۆتۆنۆمیی کۆسۆڤۆ درا لە ناو یوگۆسلاڤیادا، بەلام لە 1989 سەرۆکی-


Copyright © Kurdi.fi

یوگۆسلاڤیای سێربی (سلۆبۆدان میلۆشۆڤیچ) ئەم ئۆتۆنۆمیەشی هەڵوەشاندەوە و بە ئاگر و ئاسن حوکمی لێ دەکردن.




بۆ بەرگری کردن لە مافەکانیان، خۆیان لە ژێر پارتی (یەکیەتی دیموکراتی ئەلبانیادا) و بەسەرۆکایەتی (ئیبراهیم ڕۆگۆڤا) ڕێکخست، ئەویش بە شێوازی خەباتی سیاسی. لە 1990 لە ڕێگەی ڕیفراندۆمێکدا دەنگیان بۆ جیابوونەوە لە سێربیا دا، دواتر لە سێپیەمبەری هەمان ساڵدا بۆ پشتیوانی لەم ڕاپرسیەدا سەرهەڵدانێکی گشتییان ڕاگەیاند.

لە 24 مارسی 1992 سەربەخۆیی خۆیان لە سێربیا ڕاگەیاند و (ئیبراهیم ڕۆگۆڤایان) بە سەرۆک‌کۆمار ناساند، بەڵام سێربەکان دانیان پێ نەنا و کردیانە شەڕ لە گەڵیان.

(ڕۆگۆڤا) لە ڕێگەی کاری سیاسیەوە هەوڵی زۆری دا تا دان پیانانی وڵاتان وەدەست بهێنێ بەڵام بێ سود بوو و ناچار بۆ بەرگری لە هێرشەکانی سێربیا گروپی چەکداری دروست کرد و ناوی نا (سوپای ڕزگاریی کۆسۆڤۆ).

ساڵی 1998 ئەوساڵە بوو کە بەهۆی چالاکی و بەرگریەکانی سوپای ڕزگاریی کۆسۆڤۆوە شەڕ لە نێوانیاندا توند بوو، سوپای سێربیا کوشتار و وێرانکاریەکی زۆری بە کۆسۆڤۆ گەیاند و دوبارە دەستی بەسەرداگرتەوە و سەربەخۆییەکەیان شکستی هێنا و بوو بە هۆی ئەوەی کە سەرنجی دونیا بۆخۆی رابکێشێ. سوپای-


Copyright © Kurdi.fi

سێربی هەموو جۆرە کارێکی دڕندانەی لە گەڵ کردن، لە کاری کۆمەڵکوژیەوە تا کاری وێرانکاری و دەستدرێژی بۆ سەر ژن و مناڵ و هاوڵاتیە سقیلەکانی کۆسۆڤۆ، بەڵام ئەم کارە نامرۆڤانەیان نەبوە هۆی ئەوەی کە ئەم خەڵکە جارێکی تر بیر لە سەربەخۆیی وڵاتەکەیان نەکەنەوە.

لە 1999 هێزەکانی پەیمانی ناتۆ هێرشیان کردە سەر سێربیا و دیکتاتۆر (میلۆشۆڤیچ) یان دەسگیر کرد و گەیاندیانە دادگای نێونەتەوەیی لە لاهای (هۆلەندا). کە دواتر هەر لەزیندان مایەوە و بەر لە دادگایی هێشتا لە لێکۆلینەوەدا بوو، کاتێک بە نەخۆشی ڕاوەستانی دڵ کۆچیدوایی کرد.



کۆسۆڤۆیەکانیش تا پێش سەربەخۆیی لە ژێر چاوەدێری و پاراستنی (17 000) سەربازی ناتۆوە مانەوە، کە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی (17.02.2008) لە ڕێگەی دانیشتن و بڕیارێکی پەرلەمانیان سەربەخۆیی خۆیان لە سەر زاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەم هەرێمە (هاشم تاتشی) ڕاگەیەند. کە 109 پارلەمانتاری هەرێمەکەش دەنگیان دا بەسەربەخۆیی کۆسۆڤۆ و 11 پەرلەمانتاریش کە نوێنەری کەمینەی سێربی هەرێمەکەن ئامادەیی دانیشتنەکە نەبوون.

❊ ❊ ❊

## ئایا: هەرێمی کوردستان دەبێتە (194) مین دەوڵەتی جیهان؟


Copyright © Kurdi.fi

❋ بیر لە وانەکە بکەوە، سێ دانە پرسیاران ببینەوە و پاشان وەڵامی پرسیارەکان بنووسەوە:

1. ..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

2. ..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

3. ..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................


Copyright © Kurdi.fi